شیعری نه ته ویی و نیشتمان پەروەری لە روانگە ی میرزا ئەحمەدی داواشی

عەدالەت کەریمی، شیوا ئە یازی

کورتە: ئەرکی سەرەکی ئەم توێژینەوە بریتییە لە بیرو هەستی نەتەوەیی و تێڕوانین و هەڵوێستی یاخیانەی شاعیر لە بەرامبەر دەسەڵاەی سیاسی و کۆمەلایەتییدا،

هەر لە کۆنەوە لەگەڵ پەیدا بوونی کۆڵگادا دیاردەی ئازادیخوازی و یاخیبوون بوونی هەبووە، بەڵام ئەزادیخوڵزی و یاخیبوون بە پێی کات و ساتی سەردەم و شوێن و کۆمەڵ گۆڕاوە، زۆرکات هۆکارەکەی چەوسانەوەو زڵم و زۆرو ستەمەی دەسەڵاتدارانی، زلهێزو دیکتاتۆرە داگیر کەرەکان بووە. کوردیش وەک نەتەوەیەۆی بێ دەوڵەت،هەرلەو سەردەمەوە کە دەوڵەتی خۆی بە فارس دۆڕاندوە و وڵاتەکەی داگیر کراوە و بووەتە ملەتێکی ژێر دەست و چەوساوە و مێژوویەکی پڕ لە ڕووداو و کارەسات.ئەمە بووەتە یەکێک لەگرنگترین ئەو کرفتانەی کە نەتەوەی کورد بە درێژایی ئەو مێژووە تووشی بووەو و هەتا ڕۆژی ئیمڕۆ هاتووە و نەیتوانیوە خۆی لەو باردو دۆغە ڕزگار بکات، هەر ئەوەش بەسە بووە بۆ ئەوەی ببێتە هەوێنی بابەتی نەتەوەپەرەستی و نیشتان دۆستی و یاخیبوون لە شێعری شاعیراندا . چونکە پرسی ژێر دەستەیی و چەوسانەوە کە هەزاران ڕووداو و کارەسای ماڵوێرڵاکەری بەدواوە بووە، پرسێکی زۆر کاریگەر بووە ، هەروەها جیاوازی چینایەتیش یەکێکی تر بووە لە پرسەکان کە لە ناو کورددا کاریگەری هەبووە و بووەتە هۆی بیری ئازادیخوازی ناڕەزایەتی لە نێوان خەڵکی تێگەیشتوو ڕووناکبیر و ئەوکەسانەی داخوازی ماڤی زەوت کراوی نەتەوە چەوساوەکەیان بوو. ئەدەب لە نێو گەلێکی بێ بەش لە ئازادی سیاسی و ژێردەستی وەک کوردا تاکە سەکۆیەکە کە تێدا توانیویەتی هاوارەکانی بگەیەنێ و هۆشیاریەکەی بەرجەستە بکات. ڕێچکەی شێعری سیاسی نەتەوەیی وەک بەشێک لە ئەدەبی بەرەنگاری باسێکی گرنگو پربایەخە لە جووڵانەوەی ڕرگاریخوازی گەلی کودد، بەتایبەت لە بوژانەوەی بیری نەتەوەیدا کە شاعیر بەردی بناغەی دانیاوە.

سەروشە:ئەحمەدداواشی شێعری سیاسی . شێعری نەتەوەیی، بیری ئازادییخوازی و یاخیبوون، نیشتمان پەروەری،

این پژوهش برگیرنده افکار، احساسات، دیدگاه، نگرش وسرکشی های شاعر نسبت به قدرت سیاسی واجتماعی زمان خویش است.

از دیربازوبا باآغازجامعه، آزادی خواهی وشورش وجود داشته است، اما آزادی خواهی وشورش برهسب زمان ومکان جامعه متغیربوده که غالبا ناشی از ظلم وستم حاکمان وایتعمارگران بوده است.ملت کورد چون یک ملت بی دولت همیشه از ابتدای شکست خویش به فارسها که خاکش مورد مستعمره قرارگرفت به ملتی زیر دست ومظلوم وتاریخی پراز حوادث وفاجعه مبدل گشت.

این یکی ازمهمترین موانع ومشکلات است که کوردها به درازای تاریخ با آن روبرو بوده اند وتاکنون دست وپنجه نرم می کنند ونتوانسته اند خویش را از وضعیت موجود برهانن.

همین سبب گشته موضوع ملی گرایی ومبهن پرستی شیرازه شعرشاعران باشد. زیرا مسئله مستعمره بودن ومظلومیت که هزاران فاجعه درپی داشته مسئله ای تاثیرگذاربوده، همچنین تفاوت فرهنگی وطبقاتی یکی دیگر از مسائل میان مردم روشنفکران و افرادی بوده که خواهان حقوق سلب شده ازملت مخروم خویش بوده اند.

ادبیات درمیان ملتی محروم از آزادی سیاسی ومستعمره ای چون کورد تنها سکوی بوده که توانسته فریادهای خود را درنهضت آزادی خواهانه خویش برآورد و آگاهی خودرا بپیژه در احیای اندیشه ملی منعکس کند،

کلیدواژه : میرزا احمد داواشی شعرسیاسی، شعرملی گرایی تفکرآزادیخواهی، وسرپیچی از ناداد پروری ومیهن پرستی،

This research includes the poet's thoughts, feelings, views, attitude and defiance towards the political and social power of his time.

Since long ago, since the beginning of society, there has been freedom seeking and rebellion, but freedom seeking and rebellion has varied according to the time and place of the society, which is often caused by the oppression of the rulers and colonialists. The Kurdish nation, as a stateless nation, has always been colonized by the Persians since the beginning of its defeat. It turned into an oppressed and oppressed nation with a history full of incidents and disasters.

This is one of the most important obstacles and problems that the Kurds have faced throughout history, and they are still struggling and have not been able to free themselves from the existing situation.

This is the reason why Shiraz's nationalism and idolatry have become the subject of poets. Because the issue of colonialism and oppression, which has resulted in thousands of tragedies, was an influential issue, as well as the cultural and class difference was another issue between intellectuals and people who wanted the rights taken away from their deprived nation.

Among a nation deprived of political freedom and a colony like Kurds, literature has been the only platform that has been able to raise its cries in its freedom movement and reflect its awareness, especially in the revival of national thought.

Keywords: Mirza Ahmad Davashi political poetry, nationalism poetry, freedom thinking, and defiance of patriotism and patriotism.

پێشەکی:

یەکێک لەو ڕەهەندە قوڵانەی کە ئەدەب وابەستەی دەورو بەرو کۆمەڵگاکەی دەکاتەوە، نیشتمانە پێوەندی مرۆڤ بە خاک و زێد و نیشتمانەوە، پەیوەندیەکی ئەزەڵی و ئۆرگانی فرەچەمسەرە بۆیە، ئاوەدانی وپێشکەوتنی نیشتماۆ خەم و هیوای هەر مرۆڤێکی تێگەیشتوو و ڕۆشنبیرە و داگیرکاری هەر وڵات و نیشتمانێک لە لایەن دیکتاتۆرە زلهێزەکانەوە وەک هێزێکی باڵا دەست وبەرژەوەندیخوازی چەوسێاەرو چەو ساندنەوەی خەڵکەکەی ، هەموو جار بووتە هۆی سەرهەڵدانی بیری ئەزادیخوازی و یاخیبوون و هەستی نیشتمان دۆستی و نەتەوە پەرەستی لە لایەن خەڵکی تێگەیشتوو و شاعێرو و ڕووناکبیرەکەیەوە لە ناوکۆمەڵگاکەیدا شاعێرو ڕۆشنبیر، وەک مرۆڤێکی خاوەن هەست و سۆزێکی تایبەت لەناو کۆمەڵگاکەیدا هەمیشە سرنجی لەسەر دەردە کۆمەڵایەتیەکان و سیاسی و مێژوویەکانە. ئاگاداری خواست و ئاواتی چین توێژە کانی ناو کۆمەڵگایەتی و لە ڕوانگەی تایبەت بە خۆیەوە بەشوێن چارەسەر کردنی گیرو گرفتە کۆمەڵایەتیەکاندایە کەهەستی پێکردووە شاعێر وشەی کردووە بە چەکی دەستی و داکۆکی لە ماڤە سەرەکییە زەوت کراوەکانی کردووە و هەموو چین و توێژەکای ناو کۆمەڵکاکەی لەماڤی خۆیان و نیشتمانیان بە ئاگاە هێناوەتە، بە شێوەیەک شێعرە کانیان ئەرکی وشیارکردنەوە لە ڕێکەی تێکۆشان لە پێناو نیشتمان دا بینیوە.

بانگەشەی شۆڕش وتێکۆشانی و بەگژدا چونەوە و ویاخیبوونیان لە کارو وبارو شێوازی حوکمڕانی ئەو دەسەڵاتەی کردووە کە ئەیان چەوسێنێتەوە. شاعێر لێرەدا بەشداری پرۆسەی پێشکەوتنی کۆمەڵ و بەرگری لەماڤ و خواستە ڕەواکانی دەکەت. شاعێر کە دەبینێ گەلەکەی زڵمی لێ دەکرێت ، بە ئەرکی سەر شاای خۆی دەزانێت وەک هەوڵی ڕاستە قینەی خۆی بە وشە کە چەکی دەستی شاعێرو ڕۆشنبیرە دەر دەبڕێت بۆیە کاریگەری وشە ئەوەندەی کاریگەڕی چەک ڕۆڵی لە شۆڕش دا هەیە شێعری ئەم شاعێرانە لە چوارچێوەی شێعری نیشتمانی و نەتەوەی و وشیاریدا ڕەنگی داوەتەوە بۆیە ئەوەی لە ڕێگەی ئازادی نیشتمان و نەتەوەدا چەکی دەستی وشە بووە نەمرەو زیندویەتیشی بە هەستی نەتەوە پەرەستی ، نیشتان دۆستی و پراستنی خاک و وڵات و هەر وەها ڕێزکرتنی ماڤی مرۆڤ داوە ، بۆیە ناویان لەگەڵ شێعرەۆانیان بۆ هەتا هەتایە وردی سەر زوان و ورژێنەری هزری ۆەتەوەکەیە. شاعێران دژی دەسەڵاتی ناداد پەروەرو دیکتاتور و دایگیر کەری وڵاتەکەیان بوون . دژ بەو کەلتوور چو دابوو نەریتە بە زۆر بە سەردا سەپێنراوەی کە ئەبنە هۆی شێواندنی ڕێڕەوەی ژیان و ئەبنە کۆسپ و بەربەست و تەگەرە لە ڕێگەی بەرەو پێشەوە چوون و پەرە سەندنی ئازادی ڕاستە قینەی نەتەوەو نیشتمانەکەی. لێرە دا بە پێی ئەم خاڵە ئاماژە پێ کراوانە دەردە کەوێت کە ڕەمزی مانەوە و ڕزگاری هەر وڵات و

نەتەوەیەکی داگیر کراو و ژێر دەست شاعێری نەتەوەیی و شێعری سیاسیە. جا ئەگەر گەرە کمان بێت سەرتاکانی سەرهەڵدانی مێژووی شێعری نەتەوەیی (سیاسی)، یا بەرەنگاری کوردی دیاری بکەین و بخەینە ڕوو، دەبێت بگەڕێنەوە بۆسەر دەمانێکی زۆر زوو بەڵام ئەوەی لەم چوار سەدەی ڕابردوو دا لایەنە ڕوون تاریکەکەی جووڵانەوەی سیاسی نەتەوەیی کوردیان بۆمان تۆمار کردووە و ڕۆڵی دیاریان لە بیری نەتەوەیی ، ئازادیخوازی و ناسونالیزمی کوردیا هەبووە و بە چاوی سیاسی و نەتەوەیی لە نووسین کە خاڵێکی هاو بەشە ڕوانیانە. بۆ نموونە ئەحمەدی خانی ، خانای قوبادی ، حانی قادری کۆیی ، سالم ، قانع ، پیرەمێرد ، موفتی پێنجوێنی ، نالی ، فایەق بێکەس ، وئەحمەد موختاری جاف و ....کارتێکەریان لەسەر شاعێرانی پاش خۆیان ، لە هەر جێگەیەکی ئەم کوردستانە.

ئەم شاعێرانە هەر کامەو و لەسەردەمی خۆیانا بیری نەتەوەیان هەبووە و بەرامبەر بەدەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵایەتی داگیر کەر و چەوسێنەر هەستی نەتەویی و یا خیبوونیان بە هۆنینەوەی شێعرو چیرۆک دەر بڕیوە و سکاڵایان لە ناداد پەروەری و زڵم ستەمی حاکمان و دهسەڵاتداران کردووە و بە زوانێکی قەدەغە کراوی میللەتێکی ژێر دەست و چەوساوە دەنگیان هەڵبڕیوە و هاوریانکردووە . هەر وەها داوای هەڵوێست نواندن لە بەرامبەر ماڤی خۆ و نیشتمان یە کگرتن و یەکڕێزی و بەرەو پێشەوە بردن و ئاوەدان کردنەوەی نیشتمان و پاراستنی دەکەن لە نەتەوەکەیان بەهەموو چین وتوێژەکانەییەوە. ڕەخنەش لە میرو مەلاو منەوە رو هەندێ جاریش فەقێش دەگرن کە بێ ئاگاو غافڵ لە چارە نووسی گەل و نیشتمانن و لە سووی دەرزیەوە چاو لە بارو دۆغی نەتەوەی کورد ناکەن بەدەست داگیر کەرەوە و هەستی نیستیان خستووەتە خزمەت بێگانەوە.

چۆنیەتی بەڵاو بوونەوەی شێعرو نووسینی ئەم شاعێرانەو کارتێکەریان لەسەر شاعێرانی پاش خۆیان.

لە هەموو سەردەمە دێرینەکان تا سەرەتای سەدەی دابردوو لە هەموو جێهاندا، پەرەستگەکان بەشێکی گرنگی پەروەردە و فێر کردن و قوتابخانەو زانستگە بوون . لە کوردستانیش لە کۆندا پەرەستگەکان و دواتر موغ قەشەو و عالم و دوایی ئەوانیش مامۆستاو مەڵاو قازی شێخوالئیسلامەکان ئەو ڕۆڵەی مامۆستای پەروەردە و فێر کردن و نووسین و خوێندنی زانستە ئایینی و دنیایە کانیان لە ئەستۆ بووە . لە حوجرە کانی کوردستان دوانزە عیلم دەخوێنڕێنەوە زیاتر عیلم عیلمی دنیای بوون، بەشێکی زۆریان زمان و زمانەوانی ، فەلەکناسی حەسابات جەبرو جوگرافیاو مێژوو دەخوێنراونەتەوە. موغەکان داخراوتر بوون، کلیسەکان کەمێک کراوتر، بەڵام حوجرە و مەدرەسەی مزگەوتەکان زۆر کراوتر بوون ، تەنانەت فەقێی هەبوون نوێژیان نەکردووە و بەردەوام بوون لە خوێندن، ئەمەجگە لەوەی لەناو کومەڵگەدا کرنەوە یەکی زیاتر هەبووە. چەندین ژن وکچیش هەبوون کە تەواو

زانیارییەانی حوجرە کانیان بۆ خەڵکی لادێکان باسکردووە ، ئەمە درێژە دەری پەرەستگەکانی کوردستانی کۆن بووە، لە سەردەمە کۆنەکاندا کاهین و کاهینە(ژنە خوداوەنەکان)، کاروباری ئیداری پەرەستگەیان لە ئەستۆ دەگرت . ماڤی زۆرشتیان هەبووە تا هاتنی ئایینی ئیسلام بۆ کوردستان کە هەموو چین و تۆێژەکانی کۆمەڵگەی خستە ژێر ڕکێف و ئاڵای خۆیەوە و شێوازی کارو باری پەرستەگان گۆڕاو بۆ جوجرەو کوردیش ئەوەی هەبوو بێت و نە بوو بێت لە دین و دنیا وازی لێ هێناوە و سەرو بەری خۆی بەڕەنگی ئایینی ئیسلام ڕەنگ کردووە و وازی لە هەموو شتێکی خۆی هێناو، خۆی تەرخان کردووە بۆ خزمەتی ئایینی نۆی ئیسلام. کورد لای وابووە هەر شتیک بە زمانی قورعان نەوترێت سوودی نییە و بەڵکی دین و دنیا نایەت . لە بەر ئەوە ئەگەر تماشا ئە کەیت ژمارەیەکی زۆر لە خوێنەرانی کورد بەزمانی عەرەبی شێعرو نووسینیان هەبووە. وەک بێتووشی و گەلێ لە شاعێرەکانی تر کە بە زمانی عەرەبی و فارسی لە دیوانە کانیاندا زۆر بە ئاشکرا دەر ئەکەوێت، کەواتە بۆماوەیەکی دوور درێژە هەموو بەر هەمێکی ئەدەبی بریتی بووە لە لاساییکردنەو شاعێرانی عەرەب و فارس و تورک ، کە ئەمانە بەردە وام هێزی دەسەڵاتداری ئیسلام بووە لە ناوچەی کوردستان . و داگیرکەری کووردستان بوون، نەرم نەرم خەریکی توانەوەی کوردستان بوون لە نێوخۆیاندا سەرجەمی بەرهەم موحەمەد ڕەسوڵ هاوار بەرگی چوار لاپەڕەی ١٢٠و١٢١و ١٢٢سلێمانی ٢٠٠٨چاپخانەی شەفا) لەبەرئەوە ماوەی پێشکەوتن و بڵاو بوونەوەی ئەدەبی کوردی لەسەر سەکۆو ژووری مزگەوتەکان، یا لە دیوەخانی ئاغاو بەگەکانا بووە، لە حوجرە کاندا سەر دەفتەر هەبووە فەقێی و مەڵا و عالم و زاناو ... هەر چیان لە مامۆستاکەیان فێر بوون کردوویانە بە نووسین لە سەر دەفتەردا نووسیویانەوە و هەندێ جار سەر دەفتەر بەشێوەی دستنووس لە حوجرە و تاقچەو ڕفەو کونج و مێحرابی مزگەوتەکان دا دایان نیاوە بۆ ئەوەی کەسانی تریش کە پاش ئەوان تێن ئەوەی کە لە ڕووی زانستیەو پێی دەگەن وەک مەڵاو و فەقێی عالم ، مۆغ هەرکامەو لە لایەن خۆیانەوە فێری دەبن بیخەنە سەر ئەوسەر دەفتەرە ، تا قۆناغ بە قۆناغ بگاتە سەر ئەنجام و بێت بەسەر چاوەیەکی عیلمی زانستی بە نرخ بۆ باشترکردنی ژیانی و گوزەرانی مرۆڤایەتی . هەر مەڵاو مۆغ و عالم و زانا و فەقێی وەک ئەرک و زەکاتی علم و زانایی خۆی ئەوکارەی کردووە و لە حوجرە و تاقجە و مێحراوی مزگەوتەۆاندا بۆ خزمەت بە خەڵک بە جێیان هێشتووە . کەس بۆی نەبووە سەردەفتەرە بە ئەنجام نەگەیشتووەانە بە هیچ سەوارەتێک لە تاقچەو کونج مێحرابی مزگەوت و حوجرە کانەوە بگوازێتەوە بۆ حوجرەو مزگەوتەکانی تر ئیلا ئەوە نەبێت کە سێکی شارە زا و تێگەیشتوو لە هەموو بوڵرەکانی علم و زانستی باو سەردەم وەک ئەرکی فێر کردن و ڕاهێنان لەژێر چاودێری چڕو پڕی

خۆیەوە ئەو ئەرکەی فەقێی و مەڵای بەردەستی سپارد بێت ، کە ڕوو نووسی لەسەر بکات و لە ڕێگەی مەڵاو فەقێی و عالم و زاناکانی تر‌ەوە کە بە هەموو کوردستاندا دەگەڕان ، بە شوێن فێرکردن و فێر بوونی زیاتر‌ەوە بەڵاو بێتەوە. بۆ ئەوەی کەڵک و قازانجی زێاتری هەبێ و بگاتە مەڵاو مۆغ فەقێی و قوتابییەکانی تری حوجرەو مرکەوت. واتە تەنها ڕێگەی بەڵاو بوونەوەی ئەو جزوەم و سەر دەفتەرانە فێی و قوتابی حوجرەکان و شوێن کەوتوانی عیلم و زانست بووە لە ناوچەیەکی کوردستانەوە بۆ ناوچەیەکی تر و وڵاتێکی تر هەروەها بە پێچەوانەشەوە. ڕێگەی تریش بۆ بەڵاو بوونەوەی دەست پێڕاگەیشتنی ئەو جزروە و سەر دەفتەرو نووسینانە ماڵی پاغاو حاکم و دەسەڵات دارەکان بووە چوونکە زوربەی خوێنەرەکان لەزێد و وڵاتی خۆیان دوور دەکەوتنەوەو دادەبڕان بە سوێن عیلم و زانست زەو هۆیەوە ، دیتکورتی ڕووی تێدەکردن ناچار ڕوویان لە میرو ئاغا دەسەڵاتدار دەکرد بۆ ئەوەی دەستیان بدرێتەوە زۆر جاریش با بە مەیلی ئەوان شێعرو نووسینیان نووسی وە و وەسفی گەورەیان کردوون دەسەڵاتداران بۆ گەرم کردنی مجڵس و هەندێ جاریش بۆ بە ڕێوە بردنی کارو باری حاکمیەت و دەسەڵاتەکەیان ، پێویستیان پێ بووە مەڵاو فێیش پێشکەشیان کردوون زۆر جاریش هەر لە لایەن فەقێی و مەڵاو خوێنەواری تر‌ەوە لە مجڵسی ئاغەو میرەکاندا خوێراوەتەوە ئەوش ڕێگە یەکی تری بەڵاو بوونەوەی جزوەو نووسین سەر دەفتەر و شێعرو بەر گوێ کەوتنی ناوی شێعرو زاناو عالمە کان بووە. ئەوهیە دەبینی لە چەند گوندو ناوچەی کوردستا لە یەک نوسخەو سەردەفتەر جەند دانەی دەست دەکەوێت، ئەمە زۆر جار شێعری شاعێرانیشی لە بەر گرتووە و نەوە دوای نەوە کەڵکی لە زانست و شێعری شاعێرانی پێش خۆی وەر گرتووە و ژێر کاریگەر ئەو شاعێرانەی پێش خۆیدا بووە و شێعری هۆنێوەتەوە . بۆیە زۆر جار دەبینین کە شاعێرێک ، شاعێرو مامۆستیەی پێش خۆی نو سەر دەمی خۆیشی نەبینیەوە

چرکەیەک لە قوتابخانەکەشی حزوری نەبووە کەچی لەژێ کاریگەریدا بووە و بووتە قوتابیەکی هەرە باشی ئەو ڕێبازە، نمونەی شاعێری نەتەوەیی میرزائەحمەد داواشی بۆ شاعێرانی پێش خۆی

میرزا ئەحمەد داواشی لەسەردەمێکدا چاوی بە دنیا هەڵێناوە کە نیشتمانەکەی ببووە مەیدانی شەڕو ململانێی نێو خۆ و دەرەکی وڵاتە زلهێزە دیکتاتۆرەکان و خەڵک و نیشتمانەکەی لە گێجاوی نە هامەتیدا تووشی قات و قڕی و کوشت بڕ ببوون. ئەم بارو دۆغە ئەوەندە کار دەکاتە سەر دڵ ودەروونی میزا ئەحمەد لەسەردە مێکدا دەنگی هەڵبڕیوەو شێعری هۆنیوەتەوە و باس لە بابەتی نیشتمان و هەستی نەتەوایەتی دەکات کە حوکومەتی پالەوەیی لە پێناو ئێرانێکی یەکپارچە و یەکگرتوو فارسیزە کراو هەموو گوشارێکی حستووە سەر نەتەوەی کورد وەک تاکە نەتەوەیی بەر بەست بۆ ئێرانێکی سەقامگیر، لە ناوچەیەکی ستراتژی و هەناردە کردنی سپاس

دانش بۆ ناوچە کوردستانیەکان قەدەغەکردنی زوان و هەموو نەریت و فەرهەنگ و کەلتووری کووردی قەدغەکردنی گەرمیان کوێستان کردنی عێل و داحستنی ڕێگە کۆچەکان و... حوکومەتی پالەوەی مەبەستی لەو کارە سەر کوتی شۆڕش و سەر هەڵدانی میرو سەرو خێڵەکان و ئاسمیلە ۆردا و لەناو بردنی کورد بووە. واتە سڕینەوەی بوونی ڕەگەزی کورد ، و بۆ زاڵ بوون بە سەر سامانی نەتەوەیەتی و داهاتی کورد دا بووە،

وە هەروەها بەشداریکردن لە بب ووتنەوەی ڕزگاریخوازی سەردار ڕەشید ئەردەڵان، ئاگادار بوون لە بووتنەوەکەی شێخ مەحموودی بەرزنجی کە هاوتەریب بووە لە گەل بزووتنەوەی سەردار ڕەشید و هەروەها شێخ سەعیدی پیران ، شێخ عوبیدوللای نەهری، شێخ سەلام و شێخ ئەحمەدی بارزانی هەستی بە سەرکوت و ئازاڕو بێ بەش بوون لە سەرتایی ترین و ئاسایی ترین ماڤەکانی ژیان وەک ئاوخاوتن بە زوانی خۆ، دەبێتە هۆکاری بزووتنەوەی هزری لە شاعێرداو بە ئیلهام وەرگرتن لە شاعێرانی نەتەوەیی پێش خۆی باس لە بابەتی یەکڕێزی و یەکگرتن و نیشتمان پارێزی و نیشتمان پەر وەری دەکات . ئاماژە بەدوو بەرەکی و ناکۆکی و یەکگرتن لەنا شێعرە کانیدا دیارە، ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دۆڕان و شکەستی حوکومەتە خۆجێیەکەی سەردار ڕەشیدی ئەردەڵان و خەیانەتی سەرۆک هۆزەکان، کە فریوی حوکومەتی پالەوی و بەڵێنە پدو پووچەکەی ئەحمەدی ئەمیر ئەحمەدیان خوارد دژ بەو دەسەڵاتە ڕاوستان دواتریش هەر لە لایەن ئەو حوکومەت و دەسەڵاتەوە یەک بە یەک دەست بەسەرو گۆزتنەوە و دوور خستنەوەیان لەسەر خاکی خۆیان بۆ شارە ناوەندییەکان و زیندانی قەسری قەجەرو لە سێدارە دان و گیان لەدەست دانیان لەحەسرەت خاک و زێدو نیشتمان و بنەماڵەوە، واتە خۆیان خۆیانیان لەناو برد، هۆکاری ئەوەی بزووتنەوەکەی سهردارڕەشید بە بروتنەوەی کوردی ناو دەبەین بەڵگەیەکی مێژوویی‌مان لەبەردەستە باس لە بەڵێنێکی نێوان سەرداڕەشیدی ئەردەڵان و سمکوی شکاک دەکات لەسەر هێرش زردنە سەر تاران و ئیعلامی حوکمەتێکی کوردی، بیرەوهرییە چاپ نەکراوەکانی سلێمان بەگی دڕودی نوێنەری حوکوژەت عەشایری ئەورامان سالّی ١٣١٤و ١٥

باسمان لە ئیلهام وەرگرتنی میزائەحمەد داوڵشی لەشێعری شاعێرانی پێش خۆی کرد. ئەگەر بمانەوێ ناوویان لێ ببەین ڕۆرن ئەو شاعێرانەی لەدەسەڵاتی سیاسی کۆمەڵایەتی یاحیبوون و قەڵەمیان بە وەسف و خەمی نیشتمان و بەرگری نەتەوەیان لە لاپەڕە نەخشاندووە،

سەرتایی ترین کەسانێک ئەتونین ئاماژەی پێ بکەین کەهەستی نەتەوایەتی لە نووسینە کانیدا دەردەکەوێت ئەحمەدی خانییە کە ئەوێش لە مەڵای جەزیری و فەقێ تەریران ئلیهامی گرتووە بۆ شێعری دڵداری و نەتەوایەتی کە کارتێکەری وای بووە کە سەودای هەڵبەست بکەوێتە سەری و لە قاڵبی شێعری کوردیدا مەم

و زێنی خانی بخولقێنێت ، که بریتیێه له ڕێوڕەسمی ژیان و شێوازی دڵداری و فەرهەنگی نەتەوەیی کوردی وەک گەنجینەیەک به جێماوه بۆ ەوەکانی پاش خۆی

ئەحمەدی خانی (١٦٥١،١٧٠٦)شاعێر نووسەر و ڕووناکبیری گەورەی کورد بووه. لێکۆڵەران خانی بەیەکەم کەس دادەنێن کەلەسەر کوردایەتی ونەتەوەخوازیی بەکوردی نووسیویەتی. خانی دواکەوتوویی وڵات و شەوه زەنگی نەزانی نیشتمان و گەمارۆی عەجەم و تورک بۆ سەر رێدو خاک و بێدەنگی نەتەوەکەی و دهسەوسان بوونیان بەهۆی سیاسەتی حوکومەت له ڕێگەی ئایینەوه بینی بوو له چەاد دێڕه شێعردا باسی دەکات و دەڵێت ئەگەر ئێمەش وەکوو میلەتانی دیکه سەرکدەو حوکمەتێکمان هەبووایه ڕۆمو عەجەم بەنازان باسیان نەدەکردین

گەر دی مه پادشاهەک

لایق نەدیا خۆدی کولاهەک

غاڵب نەدەبوو لەسەر مه ئەڤ ڕووم

نەدەبوا خەراپه دەست بووم

ئەما ژ پەره خۆدی وەساکر

ئەق ڕووم و عەجەم لەسەر مەڕاکر

ناموسه ل حاکم و ئەمیران

تاوان چییه شاعێرو فەقیران

ئەز مامه د حیکمەتی حوێدا

کرمانج د دەوڵەتا دەنێدا

ئایا بەچ وجهـ مانه مەحرووم

بیلجوملە ژ بۆچ بوونه مەحکووم

ئەڤ ڕووم و عەجەم ب وان حەسارن

ۆرمانج هەمی ل چار کەنارن

هەر دوو تەرەفا قەبیل کرمانج

بۆ تێر قەزا کرێنە ئامانج

دوواتر ئەڵێت وادیارە جارەنووسمان وایە دەنا بۆ دەبێ لەم هەموو میللەتە لە جێهان تەنها میللەتی کورد ژێر چەپۆک بێت دوواتریش ناتەبایی میللەتەۆەی باس دەکات نەگونجانیان لە گەڵ یەک و دەڵێت ئەگەر لەناو خۆماندا ڕێک و پێک بووینایە و ڕێکەوتنمان هەبوایە ئێمەش سەردەکەوتنین.

لۆ پێکەڤە هەمیشە بێ ئیتفاقن

دەڵێم بەتەمەڕۆد و شێفاقن

گەردی هەبووا مە ئیفاقەک

تەکمیل دەکرد مە دین و دەوڵەت

تەحسیل دەکرد مە علیم و حیکمەت

دیسان دەڵێت بێجگە لەوەی بە کوردی بنووسم بۆ ئەەی دەری بخەم نەتەوەکەم داگیر ۆراوە و خاوەن خاکی خۆی نییە هیچ دەسهڵاتێکم نییە بەڵام لە گەڵ ئەودا نەتەوەیەکی زیندووین و نامرین لەبەر ئەوە بە کووردی دەنووسم کە زمانەیشمان نەمرێت. بۆیە چیرۆکی مەمو زێنی قولقاندووە و ئەڵێت:

دا خەڵک نە بێژتن کو ئەکراد

بێ مەعریفەن، بێ ئەسڵ و بنیاد

ئەنواعی ملل خودا کتێبن

کرمانج تەنی د بێ حسێبن

سەرجەمی بەرهەم موحەمەد ڕەسوڵ هاوار سلێمانی ۲۰۰۸چاپخانەی شەفا لاپەڕەی ۱۳۳،۱۳۲،۱۳۱،۱۳۰

شیوا وتی درێژە باسی میرزا ئەحمەد من حاڵی نەبووم

خاناش کە میرزا ئەحمەد لە چیرۆکە شێعری حماسی و عاشقانەو ئایینەکانیدا زۆر لەژێر کاریگەریدا بووە

خانای قووبادی

خانا (۱۷۰۰،۱۷۷۰) نەوەی خانەکانی جافە زانیاریەکی ئەوتۆ لەسەر ژیانی نییە فیلسوف شاعیرو وەرگێڕێکی تەوانای کوردبووە دەستێکی باڵای لەئەدەب و عیرفاندا بووە،

خاڵێکی گرنگ کە خانا لەسەرەتای وەرگێڕانەکەدا ئاماژەی پێ دەکات نووسین بە زمانی نەتەوەیی خۆیەتی و لە دێری یەکەمەی خەسرو شرینەکەی نیزامیدا ئاوا دەست پێدەکات:

ڕاستە مەواچان فارسی شەکەرەن

کوردی جە فارسی بەڵ شیرینتەرەن

پەی چێش نەدەوران ئەی دنیای بەدکێش

مەحزوزەن هەرکەس بە زمانی وێش

نووسخەحەتی داستانی خەسروشرین نیزامی وەرگێڕانی خانای قووبادی

لێرەش خانا ئاماژە بەوە دەکات هەر نەتەوەیە دەبێ بەزمانی خۆی بخوێنێ و بنووسێ گلەیی و گازەندەش دەکات لە حوکومەت لەبەر ئەوەی بۆ ئەشێ نەتەوەیی کورد نابێ بەزمانی خۆی بنووسێ ؟، خاناگلەیی لەوە دەکات کە هەر کەس تەنها بەزمانی خۆی دڵشادە و بەو وەرگێڕانەش ئەسەلمێنێ کە زمانی کوردی چڕو پڕ تر دەتوانێ هەستی هۆنراوەکە بۆ خوێنەر بگۆڵزێتەوە. خانا بەعیرقێکی یللییەوە بەرەنگاری ئەو کەسانە دەبێتەوە کە لەوپەڕی فەخرەوە فارسی بە شەکەر دەزانن و دەڵێت ڕاستە کە وادەڵێن بەڵام کوردی لای من لە فارسی شرینترە لە ڕێگەی کوردی نووسینەوە بێ ئەوەی زوانی بەرامبەری بشۆێنێت خۆی لێ جیا دەکاتەوە، بەو جۆرە لەسەر چاوە مێژوویی و ئەدەبییەکاندا ئاماژەیان پێکردووە خانا لەخۆشەویستی بۆ زمانی کوردی قورعانی بەزمانی کوردی وەرگێڕان کردووە بەڵام لە لایەن مەڵا ئایینیەکانی سەردەمی خۆیەوە دەکەوێتە بەر لۆمەو سکاڵای دەبەنە لای دەسەڵاتی ئەردەڵان کە ئەو سەردەمە تا جوانڕۆ دەسەڵاتیان هەبووە دەسەڵاتی سەردەم خانا تەکفیر دەکەن وخانا ناچار لەژێر گوشاری دەسڵاتی ئەردەڵان ومەڵای ئایینی ئەو دەسەڵاتە بەجێ دێڵێ و دەچێتە لای بابانەکان پە پێی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان کەلەم چەند ساڵەدا لەسەر خانا ئەنجامم داوە وقسەی هەندێک لەو کەسانەی کە هەموو بەرهەمەکانی خانان کەتائیستە لەچاپ دراون لە هەموو کوردستان لای بووەو کەسیان ئیشارەیان بەناوی نەکردووە خانا کاتێک ئێرە بەجێ دێڵی قورعانە وەرگێڕاوەکەی ئەدات بە ئاوی قەرە سوودا.

خانا هەروەک ئەحمەدی خانێی گلەیی لە بێدەوڵەتی و نەوونی حوکومەت ئەکات و لە وەرگێڕانە شێعرییەکەی خەسرەو شیریندا لە بارەی دەوڵەتەوە بەشێوەی خۆی لەچەمکی دەوڵەت ئەدوێت و ئەڵێ:

پەی چێش بێ دەوڵەت دایم خار مبۆ

دۆستش ئەر سەدەن لێش بێزار مبۆ

لێرە گلەیی لە نەبوونی دەوڵەتی کوردی دەکات و باس لەباری لاری کورد و کێشەو ناخۆشیەکای دەکات هەرهەموو گیروگرفتەکانی لەبەرچاودەگرێی و ئازاری بێ دەوڵەتی بۆ خوێنەر دەنەخشێنێ.

حاجی قادری کۆیی:

حاجی قادری کۆیی{١٨١٧-١٨٩٧)شاعێر بیرمەدی بەناوبانگ و نەتەخوازی کورد زووە. خولیای زانست پێشکەوتنی وڵات ونەتەوەکەی بووە بەهۆی نەبوونی ڕۆژنامەو گۆڤاری کوردی ونەخوێنەواری کوردانی ئەوسەردەمە ڕووی کردوەتە نووسراو بیرو بۆچوونەکانی بەشێعر نووسیوە. بەشوێن زانست و خوێنەواریدا ڕووی لەتورکیا کردووە بەهۆی شێعرە نەتەوەیەکانیەوە کاریگەری زۆری لەسەرشاعێران و نووسەرانی پاش خۆی هەبووە. سەرەڕای دەست نیشانکردنی دەردو ئازارەکانی کورد ، زۆر جاریش هەوڵی داوە چارەیان بۆ بدۆزێتەوە ، دو بەرەکی و ناتەبایی و دژمنایەتی کردنی یەکتر بەدەردێکی کوشەندە دەستنیشان دەکات و، دەرمانیش تەنها هەر ڕێکەوتن و یەک ڕێزی دەزاێت. لەجێگەیەکی تردا دوژمنی سەرەکی کوردیش بە داگیر دەزانیت و بۆ ڕوو بەروو بوونەوە لە گەڵ دوژمن جەک بە جارەسەر دەزانێت هەر چەندە قەڵەم و چەک دوو کەرەستەی زۆر لەیەک جیاوازن بۆ بەرەنگاری ماڤ و نەتەوە و نیشەماندا چەک بە ترس و لەرزو دڵە ڕاوکەوە توڕەیەوە قەڵەم بە و نەرمو نیانی و هەستە ناسکەوە ، واتا شەڕی کردنی شێرانەی مەیدان بە چارەسەری سەردەمی خۆی بۆ سەرکەوتن داناوە:

سەلاحە ئێوە ئیستێکە سیلاح

تەمەعی گەورەیی بێ چەک نەکەن نەک.

حاجی هەڵسوو کەوتی لە گەڵ بنەماڵەی بەدرحانیەکان لە ئیستەبنوڵ بووە. ئاگاداری تێکۆشانی ئەونەوە ژێر دەستانەی عوسمانی بووە، کانیاوی شێعری نەتەوەیی لای ئەو لەو سەردەمە هەڵدەقڵێ و ئاوڕ لە میللەتەکەی خۆی دەداتەوەو شێعری نەتەوەیی ئەهۆنێتەوە.

ناوبراو لەشێعری: هەرکوورده

خاکی جزیرەو بۆتان، یەعنی وڵاتی کوردان

سەد حەیف و مخابن دەیکەن بە ئەرمنستان

ئاماژە بۆ زۆر بابەتی کوردان کردووە وەک ناتەزایی، دووبەرەکی ، نیشتمان فرۆشی و ئەوەی کە دوژمنی حۆمان نەبین . خاکی بە پیرۆز زانیوە و یەکگرتنی بە گرینگترین بابەتی نیشتمانپەروەری داناوە

حاجی وەکوو خانی و خانای قوبادی گلەیی لە نەنووسین بەزمانی خۆی لە لایەن ڕوناکبیران و حاکمانەوە دەکات:

هەر کورده لەبەین کوللی میللەت

بێ بەهرە لەخوێندن و کیتابەت

بێکانە بە تەرجەمەی زمانی

ئەسراری کتێبی خەلقی زانی

یەکسەر عولەما درشت و وردی

نایخوێنێتەوە دوو حەرفی کوردی

ئوستادی خەتن لە ئەم سیانە

وەک دی لە زوبانی خۆی نەزانە

موکین نییە دەرچێ لە چەنگی

ساحێب کتوب و پەیامە هەرکەس

ئێمە نەبێ بووینە قەومی چەرکەس

کاکە ئەمە موئمینین ، نە ڕووسین

بۆچ کفرە زوبانمان بنووسین؟

دیوانی حاجی قادر لاپەڕەی ٢٥٧،٣١،٢٩،ئینتشارات کوردستان ١٩٨٤/٥/١٤کەریم شرەزا سەردار حەمید میران شێعری هەرکوردە

قانع:

موحەمەد کابولی (١٨٩٨-١٩٦٥)ناسراو بە مامۆستا قانع

قانع لەسەرە تای لاوێتی و شاعێریدا شێعری ئایینی و دڵداری هۆنیوەتەوە بەڵام بارو دۆغی سەردەم و بیری ناسیونالیستی وای لێدەکات ، وەک خۆی چەند جارێک لە پێشەکی دیوانە شێعریەکانی سەردەمی خۆیدا باسی کردووە کتێبێکی دەستنووسی فارسی بەناو (وقایع ال ئەروەڵان)ی دەست دەکەوێت کە باسی ڕاپەڕینەکانی تیرەی ئەردەڵانییەکان دەکات بەرامبەر داکیر کەران ، ئەمیش ئەوندەی تر کاری لەکاتە سەر دیوی ناوەوەی شاعێر و بەرهەمە شێعرییەکانی لە لێرەدا بە تەواوی قۆناغی شێعری دڵداری جێ دەهێڵێت و دوای ئە قۆناغە دەبێتە شاعێرێکی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەر.

چەندین بەرهەمی نەتەوایەتی پێشکەش کتێبخانەی کورد کردووە کە ئاماژە بەچن نموونەی دەکەین:

شێعری نیشتمانپەروەری

ئەی وتەن ! خۆ من بە نا حەق سەرکزو ئاوارە نیم

ڕۆڵەکەی خۆتم بەپاکی دوژمن و خوێنخوارەو نیم

چونکە ڕۆڵەکەی کوردستانم، وەحشی و پەتیارە نیم

وامەزانە! کەوتە ڕۆژی خۆی، وەها بێکارە نیم

سەیری مەغزی دوژمن کە، تێکەڵی خوێنمە

یان لەشێعری قوربانی خاک دا ئەڵێت:

قوربانی ئەم خاکەیە، ئەم ڕۆحە لەبەرمە

سۆزی دڵی پڕ دەردە ، ۆە خولیایە لەسەرما

ئامدەیی مەیدانم ئەم بەرگە کە پۆشیم

کفنه، نه وەکو جاکەت و پانتۆڵ لە بەرما

دیوانی قانع لاپەڕەی ٥٥کۆکردنەوەی بوورهان قانع بەڵاوگەی پەرتووک،

قانع لەشێعری قەڵاچۆێ دژمندا باس لە بڵبەتی یەکگرتن و ئازایانەی شەڕۆردن لە گەڵ دوژمن بە هەموو چینەکانی کۆمەڵگاوە دەکات و دەڵێ بە هاوبەشی و یەکیەتی، پیرو جوا وژن و پیاو تەختی خائین بڕۆخێنن و دەڵێ کورد دەبێ خۆی چارە نووسی خۆی دیاری بۆات ؟نەک چاوە ڕووانی دەستی کەسانیتربێت لەدەرەوە.

بە هەموو جووەیار و پاڵەو ڕەنجبەر

یەکگرن تا دەبنە هێز و پشتیوان

ئێوە شۆڕشێڕ بن پێەوتان هەیە

یەکێتی چەن کۆشکی شاهانەی ڕەمان

کۆمەڵی سوشیالیزم بنیات بنێن

تاوەکوو ببنە نموونە بۆ جێهان

کۆمەڵێک بن پڕ لە بڕوا و یەکیەتی

ئاگرێک زن بۆ گیانی زاڵمان

دیوانی قانع لاپەڕەی ٢١١،

یان چەندها بەرهەمی شێعری تر کە بە باڵای نیشتمان و یەکیەتی و وەسفی وەتەن و...کەتەنها لەبەر نەبوونی کات و درێژە نەدان بە وتارەکە بەم چەند دێڕە کۆتایی بەشێعری پێ دێنین،

ئەحمەد موختاری جاف:

ئەحمەد موختاری جاف (١٨٩٨-١٩٣٥)لەهەر دوو بواری سیاسی و ئەدەبیدا ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە. پاشحانی کومەڵایەتی و پە روەردەیی ئەحمەد موختاری جاف و کارکردی ئەو ژینگەیە و بەتیبەت کار کردی کەسایەتی عادیلە خانمی دایکی لەسەرژیانی سیاسی و فەرهەنگی وی.ئەحمەد موختاری جاف وەکوو شاعێرێکی نیشتمانپەروەر و ئاشتیحوڵز ، لەواقیعی سیاسی ئەو سەردەمەی گەلی عێراق یاخیبووە، لێهاتووانە

لەشێعری (لەخەوهەڵسن)، کەتێدا شاعێر ڕوو لەشاعێرانی نەتەوەکەی خۆی دەکات ، ئۆبالی دواکەوتنی دەخاتە ئەستۆی خۆی، کە پێویستە لە خەو هەستن و هوشیار بنەوە، چونکە هیچ نەتەوە یەک لە خوڕا نەبووە بەخاوەنی سەر بەخۆیی و دەسەڵات شاعێر ڕێگەی سەربەخۆیی بە ڕێگەیەکی دوور ناو دەبات و ئەوەش ڕۆژگار سەلاماندی بە کورتی بیوتایە دەبێ کورد یاخی بێت ، تاوەکو بە ئامانج بگات

لەخەو هەستن دەرەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە

هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە

دەسا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیبی بێکەس و مەزڵووم

بەکرجی بیبڕن ئەو ڕێگە دووڕە وا سوپەرتانە

بەخۆڕایی لە دەستی بەرمەدەن ئەم خاکە مەحبووبە

کە تۆزی وەک جەواهێر سوورمەو وکحلی بەسەرتانە

بەسەر خاکا ئەگەر نازیش بکەن حەقتانە کوردینە

تەماشای ؟سێبەری ئەو شاخە و کێوە وا لەسەرتانە

بە بێ قەدری بەسەریا ڕامەبوورن حورمەتی بگرن

گوڵاڵە سووڕەی ئەم سەحرایە خوێناوی جگەرتانە

دەمێکە ئەم وڵاتە وا ئەسیری پەنجەی جەهلە

لە سایەی عیلمەوە ئەمڕۆ ئیتر نۆبەی زەفەرتانە

زوبانی حاڵی(ئەحمەد)هەر ئەڵێ وەریا بن ئەی میللەت

بزانن بەردی ئەم شاخانە ئەڵماس و گەوهەرتانە

دیوانی ئەحمەد موختاری جاف لەپەڕەی ۱۹۲و۱۹۳ کۆژردنەوەی کاروان عوسمان خەیات.

چەندان شێعری تری نەتەوەیی هەیە بەلام لێرەدا کۆتایی بە باسی شێعری هاوبەش و تێڕوانینی ئەم شاعێرانە ئەحمەدی خانی، خانڵی قوبادی، حاجی قادری کۆیی، قانع، ئەحمەد موختاری جاف لەگەڵ میرزائەحمەد

داواشی و لەسەر نەتوە و نیشتمان کاریکەری شێعرە نەتەوەییەکانیان لەسەر بیری یاخیبوون و ئازادیخوازی کۆمەڵ و شاعێرانی پاش خۆیان نموونەی میرزائەحمەد داواشی دێنین و دەپەرژێنە سەر میرزا ئەحمەد داواشی و شێعری نەتەوەیی و ئیلهام وەرگرتن لەم شاعێرە نەتەوەیانەی پێس خۆی.

میرزا ئەحمەد داواشی:

ئەحمەداواشی لەدایکبووی (١٣٨٤ه،ش)لەشاری ڕوانسەر و کۆچی دوایی ساڵی(١٣٥٩ه،ش) و هەرلە شاری ڕوانسەر لە گۆڕستانی وەیس القەرەن ئەسپەردە بەخاک کراوە

میرزائەحمەد داواشی یەکێک لە شاعێرە بەتەواناکانی ئەدەبی کوردی کلاسیکە وپاش بەرەی شێعری ئەڕەبی گۆڕانی لەسەردەمی خۆی بووە. هەروا کەئاماژەمان پێ کرد میرزائەحمەد داواشی لەسەر کارتێکەری بارو دۆغی سیاسی کۆمەڵایەتی سەردەم و بزووتنەوەی هەستی نەتەوایەتی و ئیلهام لەشێعری شاعێرانیی نەتەوەخوازی پێش خۆی دەپەرژێتە سەر بابەتی نیشتمانی و نەتەوەیی میرزائەحمەد لەهیچ کێشەو گرفتێکی کۆمەڵگاو نەەوەکەی لەو سەردەمەد چاو پۆشی نەکردوەو ناڕەزایەتی خۆی بە شێعردەربڕیوە و دەنگی ئەو هاو نیشتمانیانەی بووە بە دەست زڵم و ستەم و، چەوساندنەوەی دەسەڵاتدارانەوە تەکیان پێهەڵچێنراو بووە و ڕۆژی ڕووناک خۆشیان لێ بووەتە تاریکەسەڵات، میرزائەحمەد داواشی بە نسبەت فەرهەنگی خۆجێی ناوچەۆەش کەمتەرخەم نییەو نەبووە و جگە لەوەی شێعری سیاسی و بەرگری نووسیوە دژی دەسەڵاتی باڵادەستو داگیرکەرە، دژی دەسەڵاتی دەربەگایەتی و پاغاواتیشە ژیانی ڕایەت وجووتیار و هەژار دەرە زەگایەتی دەخاتە ڕوو و شێوەی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ڕایەت و جووتیارو رڵم وستەمەکانیان لەشێعرەکانیدا قەبەیە، شێعرەکانی دەنگی هاوارو نالەی خەڵکی کوردستان و جووتیارو هەژارو ڕایەتە لەدەست هێزی چەووسێنەر و زاڵمە بەئاغاو دەسەڵاتە نیمچەکانەوە وبگرە سەرەوەش کە چۆن تەروێ هەڵئەسووڕێنن و سمێل جەڕ ئەدەن بەحەق وناحەق بەهانە ئەگرنە خەڵکی بێ دەسەڵات باجیان لێ دەسێنن داغیان دەکەن ڕووت و قوت و ڕەجاڵیان دەکەن چۆن خەڵکیان نیاوەتە سەرساجی عەلی و نادادپەروەری هاوار دەکات کەس ناوێری لە بەر دەسەڵاەی زاڵم بانگ لەکوولەکەی تەڕدا بدات، میرزئەحمەدداواشی لەهەردوو بواری چەک وقەڵەمدا بەشداری بزووتنەوەی گەلی کورد بووە، ئەمجارە کە چەکی دەیتی وشەیەو لەشێعری وەتەن لاپەڕەی ٩٣ی دیوانەکەی سەرەتا بە وەسفی نیشتمان دەست پێدەکات ومەدحی نیشتمان دەکات و دواتر باس لە پاراستنی نیشتمان و هاندانی هەموو خەڵکی کۆمەڵگاکەی زە ژن پیاو منداڵ و گەورەو بچووکەوە بۆ یەکگرتوویی موشۆڕش بەرگری دژی ستەم و نادادپەروەری و پشت بەستن بەێەکتر

دەکات. هەروەها دەڵێت دەبێ هەموو پێکەوە دەبێت ڕیشەی دوژمن لەخاک دەربێنن و یەک ڕوویی و یەکڕەنگی پشتی دوژمن بکێنن سەرهەزار جار ئەگەر دژمن وەک شێربێت،

وەتەن بۆ ئێمە لە خەیر لەبرێزە

سەنگی گەوهەرەو خاکی زەرخێزە

ئەشێ وا یەک دەس، بۆەین دەسمان

بکەنین ڕیشەی، خارو خەسمان

پشت وە پشت بدەین، یەکسەر پشتمان

حازرکەین بۆ دەم دوژمن مشتمان

یەک ڕوو یەک ڕەنگی ، وە یەک بنوێنین

دووژمن ئەر شێر بێت ، پشتی بشکێنین

دیبای ئیحساسات، پاکی بپۆشین

وە هیچ قیمەتێ ، وەتەن نەفرۆشین

لەم دوو دێرەی کۆتایی دا کە لەسەرەوە هاتووە وا دیارە شاعێر لەژێر کارتێکەری ئەو خەیانەتانەی سەرۆک خێڵەکان بووە کە لەکەڵ سەردارەشیدی ئەردەڵان کردیانەو فریوی حوکومەتی ڕەزاشاو و ئەمیر ئەحمەدیان خواردو دژی سەردارڕەشیدو بزوتنەوەکەی سەردار ڕەشید وێسان و شکەستیان پێهێناو نووسیویەتی وەک درکە بەخەڵکی کورد ڕادەگەیەنێت کە لەگەڵ یەک یەکڕەنگ بن . پشت لە گەل هەڵنەکەن بە هیچ قیمتێک نیشتمان نەفرۆشن لە گەڵ یەکتر پاک بن . لە پاش ئەم دێرانە دیسا بانگەشە بۆ یەکگرتن و یەکییەتی دەکاتەوە . خاڵێکی سرنج ڕاکێش لە لێرە بەدی دەکرێت ئەوەیە هەروەکمامۆستا قانع و ئەو شاعێرانەی شێعری نەتەوەیان هەیە تەایا ڕووی دەمیان لە پیاو نییە بەڵگو ڕووی دەمیان لەهەموو چین وتوێژەکانی کۆمەڵایە بەتایبەت ژنان داوا دەکەن کە بەشداری شۆڕشی نەتەوەیی و نیشما پەرەستی هەبێت، وادەردەکەوێت میرزا ئەحمەد هەر شۆڕش و تێکۆشانێک لەڕێگەی نەتەوەو نیشتماندا بە بێ ژن ناتەواو نارسکاو دەزانێت ئەوژنان بەهێزێکی وەدەرو تەواوکەری شۆڕش دەزانێت،میرزا ئەحمەد جگە لەبەشداری و هاو هەنگاوی ژنان لەشۆڕشی نەتەوەونیشمان لەگەڵ پیاواندا لەهەموو

ئایدۆلۆژیاو و باوەڕەکان و ئایینەکانیش دەعوەت دەکات پێکەوە یەکبگرن و بابەتی ئایین و باوەڕ ئیدۆلۆژیاکەیان نەبێتە بەربەست وکار لەسەر بابەتی نەتەوەیی ونیشتمان و یەکگرتنی گەلی کورد نەکات... ئەدیشەوە یەکگرتوو بن بۆ ئەوەی نیشتمان لەئەگەرر لەدەستچوون بپارێزن، کەواتە ناتەبایی لەنێو کورد خۆی هۆکاری دابەش بون و دۆڕانی وڵاتە،.

بێن بکەین، وەقەوڵ، قسەی فەرد من

چ کوڕ چ کەنیشک ، چ پیاگ و چە ژن

خورد و کەلان و پیناس و زکوور

شاری و دێهاتی ،نزیک یالە دوور

عالم و عەوام، زوومی و وەتەنی

گەبرو یەهودو تەریاو ئەرمەنی

دەس بدەین وە دەس ، چوون یە برادەر

نەو وەتەنمان ، کەفێتە خەتەر

شاعێران لە تاراوگە ئازار بێ وڵای زیاتر هەست پێ دەکەن دەردەکانی لەسەریان زاڵتر دەێت بۆیە لە بەرهەمەکاایانا باسیان لە کۆچ و بەجێهێشتنی وڵات ونیشتمان کردووەو هەر وەها بابەتی غووربەت و ئاوارەیی و تەنانە بار دەروونی غەریبیان و دیاردەی نەریتی ئەو نەخۆشییە دەروونیانەی لەغوربەتدا تووشی ئاوارەو غەریبان دەبێت ، ئەو هەستی دڵتەنگییەی بۆ نیشتمان و بێتاقەتی ئێوارانی غوربەت و دوور بوونەوەی لە زێدو و نیشتمان دەبێتە هۆی هەڵقوڵانی هەست و زۆربەی شاعێران شێعرە نەتەوەیی ونیشتمانەکانیا لەغوربەت هۆنیوەتەوە.

میرزا ئەحمەد داواشی لەوسەرەمەدا لەگەڵ سەردارەشید دەچێتە تاران و سەردارەشد دەستبەسەردەکرێت واتە دوور دەخرێتەوە زێدو نیشتمان دەخرێتە زیندانەوە بۆماوەیەکی زۆر میرزائەحمەد داواشی بە بێ کەس و ئەرغەو جێگەو ماوای گۆزەران خواردن خەفتن جلو بەرگ وەیلان دەبێت ، ئازارارێکی زۆری بێ کەسی و تین وبڕسی دەچێژێ و وەک خۆی باسی دەکات،

من تەنیا کەفتم، ئاکەریم گوم بوو

کەرەم خان وە ئەسپ ، لەتاران دەرچوو

سەردار گیریا و ماوە تەایاخۆەم

ئەشێ شەرح حاڵ، بەدبەختیم بدەم

من مامۆ لەماڵ ، سەرار موعەزەم

نان بی وە غسسە و خوراک بی وەغەم

ڕووت وقووت کەفەم ، دڵڕزیام وەک گاڵ

لیباسم دڕیا، کراس تا شواڵ

وەک موجەسەمە ، بێ حاڵ و هەواڵ

وەسەر بێ زوان ، ئەگەڕیام وەک لاڵ

ڕەنگە هەرئەم دوون و بێ ئەرغەیی لەزێدو نیشتمان بووبێتە هۆکاری ئەوهی ئارارو دەردی بێ وڵاتی زۆرتر هەست پێ بکات و وا بۆی دەچین ئەو دێرەانهش یاهی ئەو سەردەمە بووبێت یان لەژێر کارتێکەری ئەو بارو دۆغە بێت، لەم دێرانەی خولڕەوە دیسان باس لەوەتەن دەکات ونیشتمان دەشوبهێایت بەدایکەوە و دەڵێت نیشتمانی دایک ڕادهسەی داگیر کەرو زالم نەکەین و خۆمان هەتیو نەحهین دەنا بەستێ شوێنمان زۆ نامێنێ تێدا بحەسێنەوە

ئەگەر وەتەن خواین ،وەتەن مام مانە

هۆی سهربۆڵەندی و یادو ناو مانە

دەس ودهس ، دەس مام ، بابگرین وە دەس

دهس ماممان نەدەین ، وە دەست ناکەس

مام بدەین لەدەس ، هەتیم ئەکەفین

گۆشەیە نییە ،تیایا بختفین

جا ئاکامی لەدەست دادانی زێد و نیشتمان و بێچارەیی دهزانێ و دەڵێت ئەگەر ڕۆژێک نیشتمان لەدەست بدەین هەموو زێچارە دەبین چارە نووسمان دەکەوێتە دهست داکیر کهرو داکیرو. داگیر نیشتمان داگیر کات وەک زەڕباوکه مامه ڵەمان لەگەڵ دەکات و دەکەوێنە بەر شەق و زلەی داکیر کەران.

خوا نەیەرێتی ، ئەو ڕۆزگڵرە

گەورەو بچووکمان ، ئەکەن بێجارە

تاکەوتینە دەس ، باوەڕیارە

رلەو شەق ئەخۆین، سوح تائێوارە

لە کۆتایدا میرزائەحەد داواشی بە نزا کردن لە دەرگای خودا داوا دەکات ئەو کەسەی کە خەیانەت لە نیستمان ونەتەوە دەکات بە بێ دەستکەوت تۆشە کە بەرهەمی دەست هەڵگرتنە لە چێژە دنیایەکان لەپێناو ڕازیکردنی خودا مسۆگەر کردنی بەهەشدا و مرۆڤی ئاییای و ئیماندار لەدنیادا چاو پوشی لە زورشەی دنییەوەی دەکات هەوڵی کۆکردنەوەو پێگەوە نیانی تۆێشەوەرە یەکن بۆ مسۆگەر کردنی خۆشی دنیایەۆی تر کە خودا لە قورعادا ەڵێنی بە کەسانی چاکە کارو داوە کە لەفەرموودە کانی خودا دەرناچن چێژو خۆشیە کانی دنیای ڕۆشن قوربانی دەکەن، هەروەها ئاملڵژە بەوە دەکات ئەگەر کەسێک نەتەوەپەرەست نەبێت و بکەوێتە داوی دوژمنەوە و خیانەت لەایشتمان زکات بە خائین لەهەژمار دەدرێت و لە نا، خەڵکدا حورمەتی نییەو بێ شەرەفە

اڵڵە هەرکەسێ ، وەە فرۆشە

لەدونیا بچێت ، بێ مایەو تۆشە

پاس وەتەن ، نەکەین خولاسهی کەلام

بێ قورب و شەرەف ، ئەکەفینە دام

شێعر هەست دەربڕین و حاڵەتێکی حازر و بەردهست و ئامادە کراو نییە کە کەی بیەوەێ دروستی بکات و چۆن حەزی لێ بکات بێتەکایەوە شێعر بۆ چوون و ڕوانینی ئەو مرۆڤەیە تایبەتەیە خاوەن هەست وهەڵوون و گرێمانەیە کە شاعێری پێ ئەوترێ بەرامبەر بەرسوشت و ژیان دوا ڕۆژ و هەروەها ڕووداوی ڕووداو گۆڕانکاری لە دەوورو بەر زەمەزەسەی لێدکدانەوەیان و بهرپا کردنی شۆڕشکی وشیارانەی دژ بەو کەرەستە

وداب و نەریتانەی کە ئەبنە کۆسپ و تەکەرە ؟لە لەڕێگەی ؟بەرەو پێشەوە چوون و پەرەسەندنی کۆمەڵگاو وشیار مرۆڤ بەرەو باشتر کردنی ژیان و گوزەران و ئارادی تاک ، میرزائەحمەد داواشی گەلێک بابەتی مێژوویی سیاسی نەتەوەیی کۆمەڵایەتی و ڕووداو کارەساتی بە شێعر تۆمار کردووە سەرباری ئەوانەی بیرو بۆچوون تێڕاماای حۆی زووە هەریەک لەو بابەتانەی حستووەتە ڕوو یەکێک لەوانە ژیانی پڕ لە چەوسانەوو زڵم و ستەم و ڕووخاوی جوتیارو ۆرێکار ڕایەتە بەدەس نیمچە دهسەڵاتەکانی سەرەمی خۆیا.

بێچارە دێقان ، بێجارە دێقان

بێ جا نە هەر جا ، بێچارە دێقان

بێ جاە و مەۆان ئاوارە دێقان

جەرگ و دڵ وڵک سەد پارە دێڤان

کوڕ تۆ چون زاللوو ، عوریانە دێقان

سووختەو سیاو، بریانە دێقان

لە کوڕی ئاغە سەر، سامە دیقان

هەر ڕۆژە لیف حەمامە دێقان

کوڕ تۆ لەبەرخۆر، بێ مایە دێقان

کوڕ ئەو ملیون نر لە سایە دێقان

مەدام کار ئەکەی ، وەبرسی دێقاا

باز هەم ئەلهرزی وئەترسی دێقان

مەبادا ئاغە ئیرادی دێڤان

بگرێو بەرپاکا، فەسادێ دێقان

ژن تۆ بێ بەهرە س لە دنیا دێقان

لچ و لێو ڕەش ، ڕەنگ سیا دێقان

حانم ئاغه بەو فرمه دێقان

هیچ قانع نیه وه ترمه دێقان

هەر ڕۆژێ مودێ ئەپۆشێ دێقان

شەربەت و شەراو ، ئەنۆشێ دێقان

سفید سیا ، چو بلوور دێقان

ئەهل ماتیکەو مانکووڕە دێقان

ژن تۆ هەر؟خەریک ، سەنێرە دێقان

ئەویچ وەبرسی کەی تێرە دێقان

کەنیشکت خوارو خەفیف دێقان

حەسرەتی و ناشاد ، زەعیفە دێقان

وەلێ کەنیشک خان ، پڕ جەلاس دێقان

لەسەر تا وەپا، هەر تەڵاس دێقان

مالک وە کۆڵەک ئەوباشێ دێقان

ئەوەن تا حەق بۆت نەتاشێ دێقان

دیسان میرزائەحمەد زۆر مرۆڤێکی وریاو وردبین و دووربین بووە ژیانی چینەکانی کومەڵکای لەگەڵ یەک بەراورد کردووە و چەوسانەوەی چینە ژێر دەستەکەی لەلایەن چینە باڵەدەستەکانەوە کە مالک و ئاغا بوون هەست پێ ۆردووەو لەبیری گۆڕانی بنەڕەتی ژیانیانیاادا بووە حەزی لە کۆمەڵگایەکی کراوە کردووە لەهەوڵی وشیار کردنەوەو بەرەو پێشەوە چوون خەڵکەکەی داوە لە پێناو ژیانێکی شایستە و ئازادو سەربەست، لەو دەسەوسان و بێ هەڵوێسەیە هیچ بێ خەم نەبووەو داوای لێکردوون ئەو پەردەی کردوونیەخەو لەسەر سەڕوجاویان هەڵ مالّن ڕشنایی ڕۆژ ببین، بۆیە ئەڵێت

زارع بێ هۆشین زارع بێ هۆشین

زارعین تاکەی مەست و بێ هوشین

تاکەی جورعەی جام ، حامۆشی نۆشێن؟

تاکەی زوڵم و زۆر، زاڵم لە دۆشین؟

مەلاکەین وەک گورگ زارع وە وەمێش

"هەریەک لە یەک لا مەکێشا پەری وێش

(ئەمە وادەزانم هەڵەی یا ڕێنووس یاواتایی بێت وشەکە مالکین بێت چوونەکە لەدیوانەکەدا هەر بە مەلاکەین هاتبوو وەک خۆی هێناومەتەوە)

کوت خەلیلی و زەولانە و زەننیر

ئەو بگرەو بکوژ ، تێڵاو داروگیر

پیاوویان ئەڕمان ، وەسێ جوار نەفەر

یەکێ بان پا، یەکێ بانی سەر

ئەیوت دەربێرن ، لیباس لە بەری

توێڵا حازرکەن ، بۆ گاوسەری

بانکیان لێ ئەکرد ، هەرکەس وەکارە

حالی یان ئەکرد وەک خوێنە خوارە

وابدا لەپشت ، کوڵۆک و ڕانی

شێر تڵفی مەزە ،بدا لە دانی

مانگاو مێ وبزن ، گاو کارو کەر

ئەوە قڵخ بووە ، لەدوڵی گاهو سەر

فەڕاش ئەیان سەاد ، وەقشەی تەق ولەق

ئەر ئەویت نیە، ئەیانگرتە شەق

گداو دەوڵەمەن ، وەهەر ئەنازە

ئەر بیکردایە لیباسێ تازە

خان بیدیایە، فەوری لەبەری

ئەیوت بیکەنن، بۆ یەک نەوکەرێ

دیوانی میرزا ئەحمەد داواشی لاپەڕەی ٩٨،٩٩،١٠٠،١٠١،٩٥،٩٦،٩٧

ئەنجام :

هەر لە کۆنەوە لەگەڵ پەیدا بوونی کۆمەڵگادا دیاردەی ئازادیخوازی و یاخیبوون بوونی هەبووە، بەڵام ئازادیخوازی و یاحیبوون بە پێی کات و سادات وسەردەم وشوێن کومەڵ گۆڕاوە، زۆر کات هۆکارەکەی داگیرکاری نیشتمان چەوسانەوەو زڵم و زۆرو ستەمی دەسەڵاتدارانی زلهێزو دیکتاتۆر بووە،

شاعێرو ڕووناکبری وەک مرۆڤێکی خاوەن هەست و،سۆزێکی تایبەت لەناو کۆمەڵگاکەیدا هەمیسە سرنجی لەسەر دەردە کۆمەڵایەتیەکان و سیاسی و مێژوویەکان بووە، و لەڕێگەی شێعرەکاایانەوە هەموو چین وتوێژەکانی ناو کۆمەڵگاکەیان لەماڤی خۆو نەتەوەو نیشتمان بەئاگا هێناوەتەوە سێعری ئەم شاعێرانە لە چوارچێوەی شێعری نەتەوەیی ویشتمانیدا ڕەنگی داوەتەوە،

نیشتمان پهروەری یان ptriotism

چەمکێکە کەتێشک دەخاتە سەر خۆشەویستی و وابەستە بوون بە نیشتمان وگەلەوە،

نیشتمان پەروەرکەسێکە کە وڵاتەکەی خۆشدەوێت وبە سۆزەوە بەرگری لە بەرژەوەندییەکانی دەکات . نیشتمانپەروەر و نەتەوە دۆست ئەوکەسەیە کە هستیارە لەسەرچارە نووسی وڵات گەل و کەلتوورەکەیە چاو پۆشی لەهیچ گیرو گرفتێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی وڵات وگەلەکەی ناکات حەمیان پێ دەحوات هەموو هەوڵێک ئەدات بۆ چارە سەرکردنیان و هەروەها گەشەپێدانی کەلتوورەکەی، کەسی نیشتمانپەروەر ئامادەیە بۆ هەرقوربانیدانێک لە پێناو پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری وڵات وبەرگریکردن لە ناسنامەی نەتەوەیی وڵاتەکەی.

شاعیرانیش وەک کەسێکی یاخی لەو دەسەڵاتە دەنگی هەڵبڕیوەو داکۆکیان لەماڤی گەلەکەیان کردوەو لەوڕێگەشەوە تووشی گیروگرفت هاتوون شاعیرانی کوردیش لەم بابەتە بەدەر نین،هەروەک ئەزانن هەمیشە مرۆڤ وەک نوێنەر کەس یان کەسانێک هەڵئەبژێرن کە ڕێچکەی ئەوان بگرن و ڕێبازیان ؟بەرنەدەن ئەم ڕەوتە تائیستەیش درێژەی هەیەو هەرکام لە شاعیرانی ئێمە کارتێکەریان بووە لەسەر پێش یان پاش خۆیان . میرزائەحمەد داواشی کەسێکی بەتەوانا بووە کەلە شاعیرانی پێش خۆی ئیلهامی گرتووە ڕەنکە لەزۆر شوێنپێی شاعیرانی وەک ئەحمەدی خانی، خانای قوبادی، حاجی قادری کۆیی، قانع و ئەحمەدموختاری جاف و...کەوتووەو زۆربەجوانی ئاماژە بە بەچەمکی نەتەوە پەرەستی و نیشتمان کردووە وشێعری لەسەردەمێکدا بەزمانی کوردی هۆنیوەتەوە کە وەک شاعیرانی پێشو قەدەغە بووە بەڵم ئەو توانیویە ئەو بەربەستە بشکێنێت وزمانەکەی لە لەناوچوون بپارێزێت.

سه رچاوه کان

سەرچاوەی بەشی حوجرەو ئایین و پەرستگە : لێکۆڵیەوە مەیدانی لەسەر حوجرە، دەستنوس وەهەروەها کتێبی ئایینی کۆن لەمێزوپۆتامیادا وەرگێڕان یاسین عومەر لاپەڕەکانی ١تا٦٣چاپی یەکەم سلێمانی ٢٠٠١

سەرچاوەکان جەماڵ نەبەز خەباتی کورد وەرگێڕ کامیل شەریفپوور

کوردوکوردستان ئەمین زەکی بەگ ئینتشارات ئایدین ساڵ ١٣٧٨

تاریخ نژاد ئەحسان نووری پاشا ١٣٦١چاپ پیرۆز

مێژووی شەڕی پارسەکان نووسەرهێرۆدۆت وەگێڕ عەلی فەتحی

ڕەنگاڵە عەبدوڵڕەحمان قادر غەفور شێخ عەبدول سلێمانی ٢٠٢٣

دیوانی قانع کۆکردنەوەی بورهانی قانع ١٩٦٥

دیوانی پیرەمێر لە نووسینی موحەمەد ڕەسووڵ هوار٢٧٢٣ی کوردی

دیوانی فایەق بێکەس بەڵاو کردنەوەی کوردستا ١٣٨٦

دیوانی نالی مشخصات نشر:سنندج پەرتووک ١٣٩٩

دیوانی میرزائەحمەد داواشی

دیوانی ئەحمەدموختاری جاف کاروان عوسمان خەیات ٢٠١٩

نسخە خەتی خەسرەو شرینی خانای قوبادی

سرەوەی ژمارە ١٤٨ و١٤٧

دیوانی خانای قوبادی لاپەڕەی ٥٨،٢٩ئ٣٠کۆکردنەوەی و لێکۆڵینەوەی کاروان عوسمان خەیات ڕێبین،